# د. سەعیدخانی کوردستانی و ژیانێکی ژوورتر لە تەمەن

## (١٢٤٢ - ١٣٢١ی هەتاوی/ ١٨٦٣ - ١٩٤٢ی زایینی)

عەبدوڵڵا سەمەدی

(مەهاباد)

(٢- ٢)

بە دوای ئەم ڕووداوانەدا، ساڵی ١٩٣٧ د. سەعید لە نامەیەکی پرسە و سەرەخۆشی مەرگی ئاسەف دیوان[١٢] (١٢٣٢-١٣١٦هـ/ ١٨٥٣-١٩٣٧ز) بۆ کوڕەکانی دەنووسێ: «ئێوە دەبێ شوکری خودا بکەن کە عەزیزی ئێوە لە ماڵی خۆی و لە لای کەسوکاری مردووە، نەک لە زیندانی قەسری قەجەردا.». حکوومەت کە لە هەڵسوکەوتی د. سەعیدخان ڕازی نەبوو و خستبوویە ژێر چاوەدێرییەوە، لە پشکنینی پێوەندی و نامە و یادداشتەکانیدا ئەم ڕستەیە بە بەهانە دەگرێ و دەستبەسەری دەکا. لە زیندانی هەمەدانەوە ڕایدەگوێزێتە تاران و نزیکەی مانگێکیش لەوێ بەندی دەبێ.

لەو ماوەیەدا جگە لە بیرمەندان و زانایانی ناسراو و ناوبەدەرەوە و دۆستانی زۆری، باڵوێزی ئەمریکا و بەریتانیاش لە ڕێگەی سەفارەت و دیپلۆماسییەوە هەوڵی بۆ دەدەن و «د. هاروی کووشینگ» پێوەندی بە «ڕوزڤێڵت»ی سەرۆک کۆماری ئەمریکاش دەکا و لەم بابەتەوە لەگەڵی دەدوێ، هەروەها سمۆئیلی کوڕی د. سەعیدخانیش لە برووسکەیەکدا بۆ ڕەزاشا، داوای ئازادیی باوکی دەکا. ئەم هەوڵانە بە ئاکام دەگەن و د. سەعیدخان پاشی ٣ مانگ و نۆ ڕۆژ دەگەڕێتەوە ناو خێزان (ڕەسووڵی و ئالێن، ١٩٨٢: ٩٦). د. سەعید لە وەڵامی هەموو ئەو دۆست و کەسانەدا کە دەیانەویست

داخ و کەسەری خۆیان لەم ڕووداوە دەرببڕن و دڵنەوایی بدەنەوە، دەیگوت: «جێگەی داخ نییە، ئەوە خۆی سانەوەیەک بوو، لەم پەنجا ساڵ کار و تێکۆشانەدا ئەوە باشترین پشوو بوو.»

دوایین مانگی ساڵی ١٩٣٨ ماڵی گواستەوە بۆ ئەو خانووە تازەیەی سمۆئیلی کوڕی بۆی ساز کردبوو. بە گواستنەوەی ماڵی نوێ، ئیدی بە ئاواتی خانەنشینی گەیشت و لە خەڵوەتی خۆیدا خەریکی نووسین و عیبادەت بوو، بەڵام پاشی چەند مانگ ڕۆبێکا نەخۆش کەوت و لە سەرماوەزی ساڵی دواتردا لە تەمەنی ٨٠ ساڵی و پاشی ٥١ ساڵ ژیانی هاوبەش، کۆچی دوایی کرد و هاوڕێ وەفادارەکەی جێهێشت. چوار مانگ دوای ئەم ڕووداوە، لە کاتێکدا سمۆئیل و ماڵ و منداڵی لە ئەمریکا دەژیان، لە ئاداری ١٩٤٠ هەواڵی مەرگی «کاکە»شی پێگەیشت و لە چوار ساڵی ماوەی دوایی تەمەندا هەستی بە تەنیایی دەکرد.

نێوەڕاستی مانگی پووشپەڕی ١٩٤٢ بوو کە د. سەعیدخان لە ماڵەکەی هەمەداندا لە نەکاو هەستی بە ئێش و ئازارێکی دەروونی کرد. «ویلیام»ی نەوەی گەیاندییە نەخۆشخانەی مەسیحی. دوکتۆر تاتاووسی زاوای و دوکتۆر پاکارد خەریکی چارەسەری بوون کە د. سەعید ئارام و بێدەنگ چاوی لە سەر یەک دانا و چوو لە ئارامشێکی ئەبەدییەوە و دەفتەری ٧٩ ساڵەی تەمەنێکی پڕ لە ڕووداو وێک هاتەوە و داستانی ژیانێکی پڕ لە کارەسات کۆتایی هات.

بەیانی ڕۆژی دوایی ڕێوڕەسمی بەڕێکردن بە ئامادەیی خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژ و بیروباوەڕی جۆراوجۆر، لە نوێژگەی کریستیانە پرۆتستانەکانی هەمەدان بەڕێوەچوو و لە هەمان شوێن نێژرا.

دوکتۆر «جی. ئێم. ڕەسووڵی» کوڕی مەلا محەمەد (کاکە)، بە ماوەی شەش مانگ لە تاران لە ماڵی د. سەعیدی مامۆی بیرەوەرییەکانی ژیان لە دەمی خۆیەوە وەردەگرێ و بە زمانی ئینگلیسی یادداشتیان دەکا. ساڵێک دوای مەرگی د. سەعیدخان، واتە ١٩٤٣، یادداشتەکان پاکنووس و ڕێکوپێک دەکرێ، پاشان لە لایەن «د. کیدی ئالێن» پزیشکی میسیۆنی ئەمریکی، کە نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئێران ژیاوە و ئاگادارییەکی باشی لەسەر کولتووری ئێران و ژیان و چالاکییەکانی د. سەعیدخان هەبووە، دوای پێداهاتنەوە، کورت دەکرێتەوە و یەکەم جار ساڵی ١٩٥٧ لە ئەمریکا چاپ دەکرێ. ساڵی ١٩٥٨ چاپی دووەمیشی بڵاو دەکرێتەوە و ئیدی لە لایەن لیژنەی ناونەتەوەیی کریستیانەکان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانانی تر و بە دنیادا بڵاو دەکرێتەوە.

د. سەعید کەسایەتییەکی پراگماتیک و کردەوەخوازانەی هەبووە و بیر و بڕواکانی لە قاڵبی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا دەرخستووە، هەر بۆیە کەمتر پرژاوەتە سەر نووسین؛ بەڵام هەندێ هەوڵی لەم بوارەشدا داوە و چەند بەرهەمی بە چاپ و دەستنووس لەدوا بەجێ ماوە. ئەوەی چاپ بووبێ، کتێبی «نزانی»یە بە زمانی کوردی و شیعری گۆرانی کە ساڵی ١٣٠٩ه/ ١٩٣٠ز لە تاران بە چاپی بەرد چاپ و بڵاو کرایەوە. د. سەعیدخان لەم کتێبەدا پوختەی ئەندێشە و بیروباوەڕی خۆی بە زمانێکی ڕەوان هۆندووەتەوە و لە ڕەسەنترین وشەگەلی کرمانجی باکوور، زازاکی، هەورامی، دینەوەریی کرماشان و سونقوڕ، زاراوەگەلی سنەیی و سیمنانی کەڵکی وەرگرتووە (کوردستانی، ١٣٠٩: یط). سیاسەتمەدار و نووسەری ناوداری ئێرانی سەید حەسەن تەقی زادە (١٨٧٨-١٩٧٠) و شاعیر و

نووسەری ناسراو حەیدەرعەلی کەمالی (١٨٧٢ -١٩٤٩) هەرکام لە پەسن و یادداشتێکدا کە لە سەریان نووسیوە، ئەم کتێبەیان بەرز نرخاندووە و لە ڕوانگەی زانستی زمان و وشەوە زۆر بەسوودیان زانیوە (کوردستانی، ١٣٠٩: ١١ -١٦).

د. سەعیدخان لە پێشەکییە بیست لاپەڕەییەکەی خۆیدا لەسەر نزانی، لە یادی سنەی قەدیم و لەهجەی باوی هەورامی لەو شارەدا، دێتە سەر صەیدیی یەکەم و صەیدیی دووەم و بێسارانی و شەفیع و شەهاب و ئەمانوڵڵاخانی دووەم و حوسێنقوڵیخان و مەولەوی تاوەگۆزی و میرزا مستەفای دلی دلی و مەلا پەرێشان و مەلا حەقعەلی و دەڵێ: «زمانی ئەوانە، کە ڕیشەی دەچێتەوە سەر «زمانی کۆنی مادی» و سەردەمی پێشوو لە سنەدا باو بوو و تەنیا کورد و لوڕ پاراستوویانە، ئێستا خەڵک لێی بێگانەیە و بەرەو فەرامۆشی دەڕوا. من لە پاش ساڵانی دووریی لە زێد و لانکەی منداڵیم، چ دیارییەکی لەوە شیاوترم بۆ نیشتمان پێ شک نەهات کە کتێبێک بەو زمانە جێبێڵم. ئەوەش لە دوای وەدەستهێنانی قەباڵەکانی هەورامان بوو کە لە ئەورووپا پاشی خوێندنەوەی وشە هەورامییەکان و دۆزینەوەی شوێنە جوگرافی و مێژووییەکان، دۆستانی بەرلین و مەنچستەر و کامبریج و ئۆکسفۆرد، بەتایبەت پرۆفیسۆر نۆلدکە و دۆستانی وی پێداگرییان لە سەر نووسینی کوردی و وشەی هەورامی لێ دەکردم. هەرچەندە پێمگوتن: کارم خزمەتی پزیشکی و زەوقم ئایینی و ئەخلاقییە؛ کاری پزیشکیش دەرفەتی موتالا و لێکۆڵینەوە و شیعر ناهێڵێتەوە، وتیان: تۆ بە زەوقی خۆت بنووسە، ئەم چەشنە ئەدەبیاتەش لە ناو هەموو زمان و نەتەوەیەکدا هەیە. با ئایینداران کەڵکی ئایینی لێوەرگرن و ڕەوشتداران سوودی ڕەوشتی لێ ببینن و مامۆستایانی وشە و پسپۆڕانی ڕەگەز و تۆرەمەش لە زمان و وشە و زاراوەکانی کەڵک وەرگرن. ئیدی قسەم لێ بڕا.

ئێستاش پاشی پەنجا ساڵ دوورەوڵاتی و دابڕان لە زمانی دایک، ڕەنگە بە خەوش و ناتەواویشەوە لە دەستکورتێکی وەک من هونەر نواندن بێ. هەڵبەت هاندان و دڵگەرمی دۆستانی خۆشەویستم، ڕۆژهەڵاتناسانی فەڕەنگ، لە ئاڵمانی و ئەمریکی و دانیمارکی و ڕووسی و گورجیم لە پشت بووە؛ بەتایبەت پرۆفیسۆر مینۆرسکی و ئیدوارد بڕاون، کە زۆریان پێداگری دەکرد. ئیدی بە پێی توانایی وشەی کوردی و پەهلەویی کۆنم دەکارهێنا. ئەم شێوە زمانە هەرچەند ئێستا لە سنە و دەڤەر نەماوە، بەڵام لە ناو لوڕ و ئێڵی مەزنی بەختیاری و هەورامی، بەتایبەت لە هەڵبەست و هۆنراوەکانیاندا پارێزراوە».

ئەم بەرهەمەی د. سەعیدخان کە لە ڕوانگەی زمانی کوردییەوە گرینگییەکی زۆری لە لای پسپۆڕانی زمان و ڕۆژهەڵاتناسان هەیە، ئاوا دەستپێدەکا:

**فەرد تەنیای تاک، فەرد تەنیای تاک**
**وە نام خودای فەرد تەنیای تاک**
**بێشەریک و میسل، زات و سیفەت پاک**
**ئافەریننەدەی کوڕات و ئەفلاک**
**خودای بێشەریک، بێنەزیر و چوون**
**خەللاق عالەم وە کونفەیەکوون**
**ئافەریدگار مانگ و خورەتاو**
**چەنیو گیانداران هەم خاک و هەم ئاو**

(کوردستانی، ١٣٠٩: ٢).

بەم دێڕانە کۆتایی پێدێنێ:

**بەندەی شەرمسار یاوانم پەیغام**
**ئەدای دەینم کەرد باقی وەسسەلام**

**ڕۆژ ئەووەڵ بی، نە مونگ سەفەر**
**دووی مونگ فەرەنگ یانێ سپتەمبەر**
**هەزار و سێسەد چلودووی هیجرەت**
**ئەی کەلیماتە یاواش خاتیمەت**
**هەزار و نۆهسەد چەنیو بیسوچار**
**نە مەولوودەکەی مەسیحای غەفار**
**ویەردەن دەیسا ئاغە گیان دێرەن**
**تەشریف باوەرە ئۆغرت خێرەن** (کوردستانی، ١٣٠٩: ٥١٥).

جگە لە کتێبی باسکراو، نامیلکەیەکی هەیە بە ناوی «آب و امراض منتشره توسط آن» کە سەرماوەزی ١٣٠٨ک/ ١٩٢٩ز لە تاران، چاپ بووە و بریتییە لە زانیاری زۆر گرینگ و بنەڕەتی سەبارەت بە ناسینی ئاو و مەترسییەکانی نەخۆشی، کە بە زمانێکی ساکار لە ٤٨ لاپەڕەدا بۆ جەماوەری خەڵکی ئاسایی نووسیوە و بۆ سەردەمی خۆی هەنگاوێکی گەورەیە، هەروەها سێ نامیلکەی تری بڵاو کردەوە بە ناوگەلی «چاره کار، یان بهبودی سپهسالار»، «بیدار شو»، «چه کنم تا نجات یابم؟» کە هەرسێ لە پێناو ئایین و بڕوای خۆیدایە و وەک ئەرکێکی دینی بەرهەمی هێناون. لە سێ ژمارە گۆڤاری «عالم نسوان»یشدا بە زمانی سادە و بۆ سوودی جەماوەر، وتاری لە بابەت پاکژی و لەشساغییەوە نووسیوە.

لەمانە بترازێ، بەرهەمی تریشی بە دەستنووس لە دوا بەجێ ماوە کە هەندێکیان، وەک «وشەنامەی کوردی- فارسی- ئینگلیزی» دەنگیان هەیە و ڕەنگیان نییە، بەڵام لە پێشەکی «نزانی»دا خۆی ئاماژە بە ڕێکخستنی لیستەیەکی لەم چەشنە دەکا (کوردستانی، ١٣٠٩: یط).

ئەوەی ئاشکرا و لەبەردەستە نووسخەیەکی ٩٨ لاپەڕەیی (٤٩ پەڕ) قەوارە ١٥×٢٢یە بە هۆنراوەی فارسی، کە پێشتر لە کتێبخانەی «مجلس سنا»ی ئێران بووە و دوای شۆڕشی ١٩٧٩ گوێزراوەتەوە بۆ کتێبخانەی «مجلس شورای اسلامی» و بە ژمارە ١٢٨٨١/١٦٣ پارێزراوە (بڕ: بەڵگەنامەی ژمارە ٣). سەعیدخان خۆی ناوێکی تایبەتی لە سەر دەفتەرچەکە دانەناوە و لە لاپەڕەی یەکەم سەردەرانەی «تاق»ی بە هێڵی سوور و ڕەش بۆ کردووە و لە ناو کەوانەی تاقەکەدا نووسیویەتی: «اقل دکتر سعید کردستانی» و لە ژێری کەوانەکەدا نووسیویەتی: «بسم‌الله الرحمن الرحیم». ئەم جار هۆنراوەکانی لە سەر کێشی «ڕەمەلی شەشی مەحزووف» بە چەشنی جووت سەروا (موسنەوی) دەست پێ کردووە و لە ٤٨ لاپەڕە و ٩٣٦ دێڕدا تەواوی کردووە و بە نووسینی «انتهای اشعار» دوایی پێهێناوە. یەکەم دێڕی بەوە دەستپێدەکا:

**مهر میهن ای مهین سر نهان**
**تو چه سان آمیختی با جسم و جان**

و بەم دوایین دێڕە دایدەکوژێنێ:

**چادر قیدار تبیان من است**
**من سیه فام او سلیمان من است**

لە لاپەڕە ٤٩ بە خەتی درشت نووسیویە: «ابتدای معانی و شرح بعضی از اشعار». ئەم بەشە کە هەتا لاپەڕە ٧١ درێژەی هەیە، پەراوێزی هۆنراوەکانە و سەرجەم ٨٨ ژمارەیە. هەموو لاپەڕەکانی بە ڕەنگی سوور و ڕەش هێڵکاری کردووە و هۆنراوەکانی بە دوو ئەستوونی نووسیون. ئەوەی کە لە دەقەکەدا پێویستی بە شەرح و لێدوان بووبێ، لە کەوانەیەکی بچووکدا ژمارەی خستووەتە سەر و لە بەشی پەراوێزدا لێی دواوە و لە دواییدا بە خەتی درشت نووسیویە: «انتهای شرح و معانی». ئەم جار لە تەواوی لاپەڕەکاندا جێی تەرخان کردووە بۆ

بەشی تێبینی و ڕاستکردنەوەی هەڵە.

شیاوی باسە، دەفتەرچەکە بە دوو لاپەڕە یادداشت دەست پێدەکا، کە نووسەریان جیاوازە و پێوەندی بە سەعیدخانەوە نییە، پاشان لە نوسخەکە زیاد کراون. یادداشتی یەکەم یارمەتی خوێنەر دەدا بۆ ناسینی نوسخەکە. نووسەری ئەم یادداشتە بە کورتی د. سەعیدخان و دەستنووسەکەی ناساندووە و پێڕستی بابەتەکانیشی بۆ ڕێکخستووە کە دەقی فارسی و وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەمەیە:

نسخه نفیس و منحصر بفرد

تاریخچه شرح حالات و زندگانی دکتر سعیدخان کردستانی بخط خودش

دکتر سعیدخان که اهل کردستان بوده و در جوانی از دین اسلام روگردان و بائین مسیحیت گرویده، در اینرساله مباحثه خود را با یکی از روحانیون کرد موسوم به ملا صادق نیری بیان و ضمنا سرگذشت و وقایعی را که روی داده بیان مینماید و پارەئی مطالب که ارزش تاریخی و اجتماعی دارد در آن مندرجست. ارزش فوق‌العاده اینکتاب صرف نظر از جنبه مذهبی و مدرک متقن که از معتقدات او در دست است، ایراد و اظهار مطالب تاریخی و طرفه و جالبی است که خود عامل و شاهد آن بوده و رفتار و اقدام بعضی بزرگان و حکام و معاریف از علما و شاهزادگان و مردم عادی. (مولف مطالبی را که در ضمن کتاب آورده که محتاج بتوضیح بوده در پایان همه را شرح داده و اعدادی که در حاشیه صفحات نهاده اشاره بهمین معنی است.)

فهرست بعضی مطالب و مندرجات

١ - بیرون کردن پدر و برادر سعید را از خانه در زمستان و تصمیم و توطئه جهة قتل او بوسیله برادر و اقوام.

٢ - مکالمه و مباحثه با ملا صادق نیری و شرح حال و تحصیلات خود و اعمال و افعال علما و صوفیان و درویشان نقشبندیه و سلب اعتقاد و اعتماد خود ازینان و تعریف از اعلیحضرت پهلوی.

٣ - نامزد شدن با دختری و اعتراض علما و غوغاء مردم و فرار او بکمک دو برادر بنام فانی و حبیب اله.

٤ - فتوای قتل او از طرف شیخ عبدالحمید و شیخ علاء الدین از مجتهدین کردستان و شهبندر و وقایع دیگر.

٥ - تدبیر مچول میرزا (عضدالدوله پسر فتحعلیشاه و پسران عضدالدوله) برای رهائی دکتر سعیدخان.

٦ - شرح حال خان شوکت کارگذار سفارت و برادر و پسرش.




بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

٧ - توطئه قتل او در همدان و راه رشت و تبریز و کمک پطرس ابراهیمیان خیاط معروف.

٨ - شرح حال شیخ محمد مردوخ معروف به اية الله و تعریف تالیفات و کتب او.

٩ - تعریف مراتب حذاقت خود و معالجه بعضی از دشمنان سابق و بیان اخلاقیات.

١٠ - شرح حال ادوارد پادشاه انگلیس و استعفای او و جهة ازدواج و نکوهش اعمال بعضی مسیحیان (بڕ: بەڵگەنامەی ژمارە ٤).

به کوردی:

نوسخەی هێژا و تاقانەی

کورتە مێژووی بیرەوەری و ژیانی دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی بە خەتی خۆی

دوکتۆر سەعیدخان کە خەڵکی کوردستان بووە و بە گەنجی لە ئیسلام لایداوە و هاتووەتە سەر ئایینی دیان، لەم نامیلکەیەدا لە وتووێژی خۆی لەگەڵ کەسایەتییەکی ئایینیی کورد بە ناوی مەلا سادقی نەییری دەدوێ و هەروەها هەندێ ڕووداو دەگێڕێتەوە کە سوودی مێژوویی و کۆمەڵایەتییان هەیە. نرخی باڵای ئەم کتێبە جگە لە لایەنی ئایینی و بەڵگەی قایمی بڕواکانی، زیاتر لەوەدایە کە لە پێوەندی مەزنان و سەرۆکان و ناسراوان و زانایان و شازادان، باس لە هەندێ بابەتی نوێ و سرنجڕاکێشی مێژوویی دەکا کە خۆی دەورگێڕ، یان شاهیدیان بووە. (هەر بابەتێک پێویستیی بە لێدوان و شیکردنەوە بووبێ، نووسەر ژمارەی خستووەتە سەر و لە دواییدا لێی دواوە.)

پێڕستی هەندێ لە بابەتەکان:

١- بە زستان لە لایەن باوک و برا دەرکرانی سەعید لە ماڵ و بڕیاری برا و کەسوکار بۆ کوشتنی.

٢- باس و دەمەتەقە لەگەڵ مەلا سالحی نەییری و شەرحی ژیان و خوێندنی خۆی و هەڵسوکەوتی زانایان و سۆفیان و دەروێشانی نەقشبەندی و دابڕانی خۆی لەوان و پەسنی خاوەنشکۆ پەهلەوی.

٣- بە دەزگیران گرتنی کچۆڵەیەک و دژایەتی مامۆستایانی ئایینی و هاتوهەڵلای خەڵک و ڕاکردن بە یارمەتی دوو برا بە ناوی فانی و حەبیبەڵلا.

٤- فتوای کوشتن لە لایەن موجتەهیدانی کوردستان: شێخ عەبدولحەمید و شێخ عەلائەددین و شابەندەر و ڕووداوەکانی تر.

٥- تەدبیر و ڕاوێژی مچوول میرزا (عەزودەوڵەی کوڕی فەتحعەلیشا و کوڕانی عەزودەوڵە) بۆ دەربازکردنی سەعیدخان.

٦- باسی ژیانی خان شەوکەتی کارگێڕی باڵوێزخانە و برا و کوڕی وی.

٧- پیلانی کوشتنی وی لە هەمەدان و لە



بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

ڕێگای ڕەشت و تەورێزدا و یارمەتی پەترۆس ئابراهیمیانی خەیاتی بە ناوبانگ.

٨- بە سەرهاتی شێخ محەمەدی مەردۆخی ناسراوە بە ئایەتوڵلا و باس لە کتێب و دانراوەکانی.

٩- باس لە شارەزایی خۆ و چارەسەرکردنی هەندێ لە نەیارانی پێشوو و دوان لە ئەخلاق و خوو و خدە.

١٠- بەسەرهاتی ئیدواردی پاشای ئینگلیس و دەست لە کار کێشانەوە بە هۆی زەواج و سەرکۆنەی هەندێ لە دیانەکان.

ئێستا، کە ئاوڕ لە ژیانی دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی دەدەینەوە و لە کارنامەی ژیانی ٧٩ ساڵەی دەڕوانین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کەسایەتییەکی بڕوابەخۆ و هێدی بووە. هەر لە سەرەتای مێرمنداڵییەوە ژیانی بە جیددی گرتووە و گرینگی بەم دەرفەتە کورتە داوە و لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و بە هەوڵ و تێکۆشان، ئاواتەکانی خۆی وەدی هێناوە. لە کاتێکدا بێڕێزی بە هیچکەس و سووکایەتی بە هیچ بیروبڕوایەک نەکردووە، بێڕێزی بە خۆی و باوەڕی کراوە و بە ناو و ناتۆرەی وەک کافر و بێدین و وەرگەڕاو سووکایەتی پێکراوە. لە کاتێکدا لە لایەن کەسوکار و نزیکان و دۆست و ئاشنایان و هاوشارییانی هەڕەشەی کوشتن و لێدان و دەرکرانی لە سەر بووە، قینی کەسی لە دڵ نەگرتووە و خزمەتی کۆمەڵگای کردووە و گیانی ئاشنا و بێگانەی لە مەترسی مردن و نەخۆشی و زەلیلی ڕزگار کردووە.

لە ماوەی ٨٠ ساڵی کۆچی دوایی د. سەعیدخانی کوردستانی تا ئێستا (٢٠٢٢)، دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییە ناسراو و خزمەتگوزارە کوردە، گەلێک شت بە کتێب و وتار و یادداشت نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە.

یەک لەوان، وتاری نووسەر و بیرمەندی ناوداری ئێرانی «سەعید نەفیسی»[١٣]یە کە لەگەڵ د. سەعیدخان دۆستایەتی پتەوی هەبووە و لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و هەڵسوکەوت و بیروبڕوای بووە. لە ناو هەمووی نووسراوەکاندا، وتاری ئەم بەڕێزە لە ڕوانگەی قەڵەم و بۆچوونەوە گرینگی تایبەتی هەیە. ئەم وتارە شەست و حەوت ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری «سپید و سیاه»[١٤]ی تاراندا بڵاو کراوەتەوە.

لەم دەرفەتەدا، سەبارەت بەوەی وتارەکەی نەفیسی ڕووناکییەکی زیاتر دەخاتە سەر ژیان و فکر و چالاکییەکانی د. سەعیدخان، وەک پێویستییەک لە فارسییەوە بۆ کوردی وەری دەگێڕم و دەیکەمە پاشکۆی وتارەکەی خۆم.

## دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی

## سەعید نەفیسی

لە دەستی ڕۆژئاوای شەقامی ستالینی ئێستا، کە ئەودەم خەیابانی قەواموسسەڵتەنەی ناو بوو، بەرانبەر کڵێسەی ئەمریکایی، خانووبەرەیەکی کۆنی لێیە. لە دەروازەی بە خواجانەوە کە وەژوور کەوی، دالانێکە و دەگاتە حەوشە. سێ لایەنی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای حەوشە بینای قەدیمن و ئەوەی لایەنی باکوور هەندی دوو سێ میتر بەرزترە و هەیوان و محەججەرییەکەی دەڕوانێتە حەوشە.

ئەم خانووبەرەیە شێوە بینای شەست- حەفتا ساڵ لەمەوبەری تاران وەبیر دێنێتەوە. سەردەمێک زۆرم ئاموشۆی ئەو شوێنە دەکرد، ئەودەم حەوزی لاکێشی چەقی حەسار پڕ بوو لە ماسی کە لە ئاوێکی خاوێن و ڕووندا مەلەیان دەکرد.

تا سێزدە ساڵ لەمەوبەر، هەموو ڕۆژێ جگە لە ڕۆژانی یەک شەم، لایەنی ڕۆژهەڵاتی ئەم

ماڵـە، کـە دەرگایەکـی بچووکـی ڕوو بـە شـەقام دەکرایـەوە، لـە سـەرلەبەیانییەوە تـا نیـوەڕۆ پـڕ لـە ژن و پیـاو و پیـر و جـوان بـوو. چارشـێو بەسـەر، کڵاو لمـەد، جامانـە بەسـتوو، مەلۆتکـە لـە ئامێـز هەمـوو تێکیان داویشـت. لـە سـەر ڕێـی هاتوچوویـان، دەواخانەیەکـی بچووکـی لێبـوو کـە پیاوێکـی کورتەبـاڵا لـە پشـت مێـز و لـە پەنا جامەکییەکـی ئاخنراو لـە شووشـە دەرمان ڕاوەسـتابوو و بـە نـۆرە ئـەو باریکـە کاغەزانـەی وەردەگـرت کـە بـە دەسـتی لـەرزۆک، بـەڵام بـە خەتـی خۆش نـاوی دەرمانیان بە زمانـی ئینگلیزی لـە سـەر نووسـرابوو، شووشـە دەرمانەکانـی یەکیـەک دەهێنـا خـوار و هەندێکـی لـە سـەر کاغـەز ڕۆدەکرد و دەکێشا. ئـەم جار لێکی دەدان و لـە کەپسـوول، یـان کاسـە، یـان شووشـەیەکی بچووکـی دەخسـت، یـان دەیپێچایـەوە و وەدەسـتی ئـەم و ئـەوی دەدا و وەڕێـی دەخسـتن.

لـە پشـت دەواخانەکـەوە هۆدەیەکی چاوەڕوانـی لێبـوو کـە دەورانبـەری ژوورەکـە ژن و پیـاو و گـەورە و بچـووک لـە سـەر چەرپایـەی دارینـی قاوەیـی دانیشـتبوون تـا نۆرەیـان بگاتـێ. ئەگـەر پیاوێکـی بـە شـان و شـکۆ و ناسیاویشـیان لـە ناودابا، وەک شـوێنی دی، کـەس نەیدەتوانـی نۆبەبـڕی بـۆ بـکا و وەپێشـی دا؛ دەبـوو وەکـی باقی خەڵکەکە دانیشێ و چاوەڕوان بێ، چونکە حەکیمـی پسـپۆڕی هـۆدەی ژوورتـر، پێبەسـتەی ئـەو چەشـنە دابونەریتـە نەبـوو و مافـی کەسـی زایـە نەدەکـرد.

دوکتـۆر سـەعیدخانی حەکیمی کوردستانی یەک لـە ناسـراوترین و سـەرقاڵترین پزیشـکانی ڕێزدار و بەساڵاچووی تـاران بـوو. زۆرینـەی خەڵـک لەگەڵی هاوفکـر و هـاوڕا نەبـوون، بەتایبـەت ئەوانـەی بـۆ چارەسـەری دەهاتنـە لای بـە هیـچ کلـۆج هـاوڕای نەبـوون، کەچـی وەک مرۆڤێکـی لەخۆبـوردوو ڕێزیـان لـێ دەگـرت. بـە بـڕوا لەگەڵـی نەبـوون، بـەڵام بـە بـڕواوە گیانـی خۆیـان دەخسـتە بەردەسـتی.

خەڵـک بـاوەڕی تەواویـان بـە لێهاتوویـی، تێگەیشـتوویی، کارامەیـی، ڕاسـتوڕەوانی و دڵفراوانییەکـەی هەبـوو. پیاوێکـی ئێجـگار بەخشـندە و میهرەبـان و بەحەیـا و لەسـەرەخۆ بوو. لەسـەرەخۆ لە ڕۆیشـتن و قسـە و ئەندێشـەدا. تـا ڕادەیـەک کورتەبـاڵا بـوو. سـمێڵێکی سـپی لێـوی پانـی سـەرووی داپۆشـیبوو. جلـی سـادەی لەبـەر دەکـرد. ڕووپۆشـێکی لـە کوتاڵـی سـادە و مامناوەنـدی بـە سـەر جلەکانـی دەکێشـا و چاویلکـەی سـەرلووتی ڕەنـگ زێوینـی دەکاردێنـا. فارسـییەکەی بـە ڕاوێـژی کـوردی بـوو، بـەڵام ڕوون و بـە قەرائـەت قسـەی دەکـرد. لـە کاری خۆیـدا دەوری پەنجـا سـاڵی ئەزمـوون وە سـەریەک نابوو، ئەویش چ ئەزموونێک؟ هـەر لە بوقـرات و جالینـووس و زەکەریـا و ئیبنـی سـینا و جورجانییـەوە بگـرە تـا تازەتریـن پزیشـکانی ئەورووپـا و ئەمریـکا.

بـە ئەوپـەڕی سرنجەوە گوێـی لە قسـەی کەسـی ڕووبـەڕوو ڕادەگـرت و وشـەی لـە نـاو قسـەدا نەدەدرکانـد. تەنیا سـەری دەلەقاند و قەڵەمەکەی دەسـت دەدایـە و نوسـخەی دەنووسـی. ئـەم جـار بـە وردی و بـە بـێ پێچوپەنـا ڕاسـپاردەی خـۆی ڕادەگەیانـد و بـۆ دڵنیایـی سـێ جـاری پاتـە دەکـردەوە.

پیاوێکـی ئەوەنـدە خاکـەڕا و بێفیـز و دەعیـە بوو کە هەمیشـە لە واژۆدا دەینووسـی «سـەعیدی حەکیمئاسـای کوردسـتانی». ئـەم نەریتەشـی لـە حەکیمـە گەورەکانـی ئێرانـی کـۆن وەرگرتبـوو، کـە بەهـۆی خۆشـکێنییەوە خۆیـان نـەک بـە «تەبیب»، بەڵکوو بـە «موتەتەبیب» نـاو دەبـرد، واتـە گۆیـا پزیشـک نیـن و تەنیـا سـەرەدەرەیەک لـە پزیشـکی

دەردەکەن.

دوکتۆر سەعیدخان نەک هەر لە ئێراندا، بەڵکوو لە دەرەوەی ئێران و لەناو ڕۆژهەڵاتناسان و لیژنە پزیشکییەکانیشدا ناسراو و بەناوبانگ بوو. من لە بابەت پزیشکی قەدیمی ئێران و مێژووی پزیشکییەوە، لەو شارەزاترم پێ شک نایە. سەرجەمی شوێنەوارەکانی کەسانی وەک زەکەریای ڕازی و ئیبنی سینای خوێندبووەوە. بەهۆی عەرەبی زانییەوە، کەڵکی زۆری لەو سەرچاوانە وەرگرتبوو. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و هێژای هەبوو پڕ لە سەرچاوەی تاقانە، کە بە دڵفراوانییەوە ڕێی دەدا کەسانی دی کەڵکیان لێوەربگرن، زۆر جار کتێبم بە ئەمانەت لێوەرگرتووە و تا خۆم بۆم نەبردووەتەوە داوای نەکردووەتەوە. نزیکەی دە کتێبی زۆر باشی بە دیاری داوە من، کە لەلام بەنرخن.

دۆستایەتی لەگەڵ زانایانی هاوشاریمان زۆر گەرم بوو و لە ئۆگرانی زانست کەسێکم پێ شک نایە کە ماڵی لە تاران بووبێ و ئاموشۆی لەگەڵ ساز نەکردبێ، زمانگەلی عەرەبی، ئینگلیزی، سوریانی و عیبری زۆر باش دەزانی و بەتایبەت لە خوێندنەوەی کتێبە سوریانی و عیبرییەکاندا هەندی زمانی زگماک شارەزابوو، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی سنەییدا لە دایک بووبوو و هەر بە منداڵی دایک و باوکی مردبوون و لە لایەن بانگخوازانی پرۆتستانەوە گەورە کرابوو و وەهایان پەروەردە کردبوو کە بووبووە یەک لە باشترین پزیشکانی ئێران و ڕیزی یەکەمی زانایانی وڵات، لە ئینگلیس بە باشی دەرسی خوێندبوو و بڕوای گۆڕابوو، کتێبەکانی سەردەمی کەون و سەردەمی نوێی باش دەزانی و لە ڕاڤە و لێدوانی تەورات و ئینجیلدا خۆی دەریایەک بوو لە زانیاری.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، من هەندی سەرەدەرزییەک جەخت و دەمارگرژیم لێ نەدی. لە ئاستی وی گاور و خاچپەرست و موسڵمان و جوو وەکی یەک بوون و ئەوەی ژوورتر بوو زانست و مرۆڤایەتی بوو. بەم بۆنەیەوە هەموو نەخۆشەکانی بە مرۆڤ سەیر دەکرد و بە چاوێک لێی دەڕوانین.

ناسینەوەی نەخۆشین و لێزانییەکەی بە ڕادەیەک بوو کە زیاتر وەک کەرامات دەچوو تا زانست، هەرچەند لەم دواییانەدا زورهان و کۆماو بوو، بەڵام لە هەر کات و ساتێکی شەو و ڕۆژدا کە کاریان پێی بووایە، حازر و لەسەر پێ بوو. قەتی نرخ و پارە دیاری نەدەکرد، چەندیان دانابا پێی ڕازی بوو. لە هەژار و نەداریش هیچی وەرنەدەگرت و داو و دەرمانیشی بۆ دەکڕین.

خەڵک بە گشتی و زانستمەندان بە تایبەتی، لە پیریدا وەڕەز و بێتاقەت دەبن و حەوسەڵەی بیستنی قسەی زۆریان نییە؛ کەچی ئەم لە پیریدا وەک جحێڵێکی بە توانست، هێدی و لەسەرەخۆ گوێی بۆ قسە و دەردەدڵی نەخۆشان شل دەکرد و لە دووپات و سێپات کردنەوەش وەڕەز و تووڕە نەدەبوو، سەری بەردەدایەوە و هۆش و گۆشی بە دەردەدار دەسپارد ورەی وەبەردەنا. هەبوون کەسانێک کە بە درێژدادڕی نەخۆش تووڕە دەبوون، چونکە هەستیان دەکرد کاتیان بە فیڕۆ دەچێ و لە کار و کاسبی دەکەون، بەڵام ئەو بۆ تاکە جارێکیش ئەم کارەی نەکرد و تا دوایین وشە هەموو قسە و بەسەرهاتی نەخۆشی دەبیست و وەکی باوکێکی دڵسۆز دڵنەوایی دەکرد و دەیلاواندەوە. ئاخۆ لەو ڕاستییە گەیشتبوو کە بەشێک لە کاری پزیشک هیوا پێ بەخشین و بەرزکردنەوەی ورەی نەخۆشە تا هێزی ڕوحی ببێتە یارمەتیدەری داوودەرمان و بەهرەیەکی پتر بە نەخۆش بگەیەنێ.

وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەو گەورەپیاوە شارەزایی تەواوی لە کولتوور و ئەدەب و مێژووی ئێرانی کۆن هەبوو، ڕۆژهەڵاتناسەکانی دەناسی و ئاگاداری هەوڵەکانیان بوو و زۆر جار لەم بوارەوە مامۆستایانە ڕێنموونی کردووم، لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتناسیدا پیاوێکی ناسراوە و دەوری گرینگ و جێپەنجەی بۆ دۆزینەوەی تۆمارێکی سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێتەوە کە لە سەودای مووچە و مەزرا دەدوێ و ڕاستییەکەی بەڵگەنامەیەکی موڵکییە لە کوردستاندا. ئەو تۆمارە گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە؛ چونکە جگە لەوەی زمانی سەردەمی ئەشکانییەکانی ئاشکرا کرد، گەلێک زانیاری مێژوویی و ئابووریشی پاراست، ئەم بەڵگەنامە گرینگە دەری خست کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا لە پەنا زمانی پەهلەوی، زمانێکی تریش دەکارهێنراوە کە لە جێی باوکی زمانی ئەمڕۆی ئەدەبیمانە و هەمان زمانە کە ئێرانییەکان بە «دەری» ناویان بردووە.

ئەم تۆمارە، کە یەکەم جار ڕۆژهەڵاتناسانی بەریتانی خوێندیانەوە و لە سەری دوان، گرینگترین بەڵگەی نووسراوی سەر بە ئێرانی پێش ئیسلامە کە لە خاکی هەورامانی کوردستاندا دۆزراوەتەوە و بە «تۆماری دوکتۆر سەعیدخان»، یان «تۆماری هەورامان» ناسراوە.

دوکتۆر سەعیدخان ئەندامی زۆربەی لیژنە زانستی و ئەدەبییەکانی ئەورووپا بوو و هاوکاری دەکردن، ڕۆژهەڵاتناسی ناودار «ئیدوارد براون» لە دۆستانی نزیکی بووە و زۆری باس کردووە، هەروەها پرۆفیسۆر ویلیام جەکسۆنی ئەمریکیش کە پسپۆڕی ئایینی زەردەشت و کولتووری ئێرانی کەون بوو، زۆری لێ نزیک بوو و من لە یەکەم دیداری تاراندا لە ماڵی ئەو چاوم پێیکەوت و لە یەکەم شەڕی جیهانیدا کە بۆ دووەم جار سەفەری ئێرانی کرد، سەعیدخان پێکی ناساندین.

دوکتۆر سەعیدخان نەک هەر لەگەڵ نەخۆش و لە خەستەخانەدا، بەڵکوو لەگەڵ هەموو کەس و لە هەر شوێنێکدا پیاوێکی ڕووخۆش، بە ماڵ و بە زانست بەخشندە و دەستبڵاو بوو. دەوری هەشتا ساڵ لەم جیهانەدا ژیا.

ئەوەی قەت لە بیرم ناچێتەوە و هەمیشە ئازارم دەدا ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە گەورە و خزمەتگوزارە، لە سەردەمی پیری و پەککەوتەییدا و لە کاتێکدا کە جەماوەر هێشتا نیازیان پێی بوو، بە پەڵپ و بیانووی هیچوپووچ و منداڵانە لە ماڵ و حاڵی خۆی دەریان کێشا و دووریان خستەوە بۆ هەمەدان، پاشی هاتنەوەشی بۆ تاران، هیچ گلە و گازندەیەکی نەبوو، تەنانەت نێوچاوانیشی گرژ نەکرد. جارێک من ویستم دڵنەوایی بکەم و لە دڵی دەربێنمەوە، کەچی ئەو دڵداریی منی دەدایەوە و دەیگوت: چ نەبوو، پشوودان و حەسانەوە بوو. لە قەدیمەوە گوتوویانە مرۆڤی گەورە لە تەنگاناندا بناسە. هەیە تاوانباریشە و قینی خەڵک لە دڵ دەگرێ و تۆڵە دەستێنێتەوە، هەیشە بە بێتاوانی و مەزلوومی دەبەخشێ و وەدڵ ناگرێ.

کوڕی دوکتۆر سەعیدخان ئەندازیارێکی زۆر هونەرمەند و لێهاتووی بیناسازی بوو. چەندان تەلار و بینای بەناوبانگی وەک «بانکی شاهەنشاهی»، «کتێبخانەی زانکۆی ئەدەبیات» و «فێرگەی مامۆستایان» یادگاری ئەون. دوای مەرگی باوکی، لە ئێران ڕۆیی.

دوکتۆر کتێبخانەیەکی زۆر بەنرخی هەبوو بە زمانی فارسی و عەرەبی و زۆربەی زمانە ئەورووپی و ئاسیاییەکان، بەتایبەت بەشی دەستنووسەکانی زۆر تاقانە بوو کە بە دانستە کۆی کردبووەوە. لە دوای خۆی، بە هۆی منەوە زۆربەی بە کتێبخانەی زانکۆی پزیشکی

فرۆشرا. ئێستاش هەموو دەستنووسە هێژاکانی ئەو بەشە، یادگاری ئەون.

کتێبە چاپییەکانیشی هەر دەگمەن و گرینگ بوون، بەم و بەو فرۆشران و بەداخەوە بە ماڵاندا بڵاو بوونەوە.

شاعیرێکی خاوەن تواناست و بە تایبەت شیعرە کوردییەکانی جوان و ڕەوان و لەبەردڵان بوون. هۆنراوەیەکی بە زمانی کوردی هەیە کە خۆی بە چاپی سەنگی و لە تیراژێکی کەمدا بڵاوی کردەوە و بۆ دۆست و ئاشنایانی خۆی نارد. شەرح و پاشکۆیەکی زۆر بە نرخی هەیە کە زۆر ورد و زانایانە لە لێکبوونەوە و ئیشتیقاقی وشەی کوردی دەدوێ.

بەهاری ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ز)، ئەوکاتەی لە سەر جێوبانی نەخۆشی بوو و هەڵنەستایەوە، من لە ئێران نەبووم. وەک لە ئاوەڵانم بیست، دەردەدارییەکەی چەند ڕۆژێکی پتر نەکێشا و سووک و هاسان چاوی لێکنا و وەکی مۆمێک وردە وردە توایەوە و تەواو بوو. ئاخۆ چلۆن ڕەوایە کەسێکی ژیانی خۆی تەرخان کردبێ تا برینی خەڵک سارێژ و ئێش و ئازاری کەسان سووک بکا، خۆی دەرد و ئازار بچێژێ! دەرد و ئازار خەڵاتی ئەو کەسانەیە کە ژیانیان بە مرۆڤ تەنگ کردووە.

گۆیا لەو ڕۆژانەی دواییدا سێ‌چوار جاری هەواڵی من پرسیوە و گوتوویەتی دەمەوێ بەر لە ڕۆیشتن چاوم پێی بکەوێ. مخابن نەمدیت و ڕۆیی. کاتێک لە سەفەر هاتمەوە، یەکەم کار سۆراغم گرت. تێیان گەیاندم کە پازدە ڕۆژ لەمەوپێش کۆچی دوایی کردووە.

دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی یەک لەو کەسانەیە کە نەک من، بەڵکوو سەدان و هەزارانی دانیشتووی ئەم وڵاتە چجار فەرامۆشی ناکەن، ڕۆڵەی بە ئەمەکی زێدی خۆی بوو. ئەوەی لە نزیکەوە نەیدیتبێ و نەیدواندبێ، نازانێ تا چ ڕادەیەک خەڵک و وڵاتی خۆی خۆش دەویست، ئاخۆ ئەوین و خۆشەویستی لەوە ژوورتر هەیە، کە هەموو ژیانت بخەیتە پێناو خزمەتی کۆمەڵ؟

**پەراوێزەکان:**

[١٢]. میرزا عەلینەقی ئاسەفی کوردستانی (ئاسەف دیوان/ ئاسەف ئەعزەم) کوڕی میرزا محەمەد ڕەزای وەزیر، سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناوداری کوردستان لە سەردەمی قاجار و پەهلەویی یەکەم بوو. ساڵی ١٩٣١ بە هۆی ململانێی ڕەقیبەکانی لەبەر چاوی ڕەزاشا کەوت و دوورخرایەوە بۆ تاران. شەش ساڵ لە ماڵی میرزا جەعفەرخانی کوڕی ژیا و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان هێنایەوە و لە سنە ناشتیان.

[١٣]. سەعید نەفیسی (١٢٧٤-١٣٤٥ھ/ ١٨٩٥-١٩٦٦ز) نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، زمانناس و مێژوونووسی بەناوبانگی ئێرانی و لە بەرەی یەکەمی مامۆستایانی زانستگای تارانە. نەفیسی تا دواناوەندی لە ئێران خوێند، پاشان خوێندنی باڵای لە «نوشاتێل»ی سویسرا و زانستگای پاریس تەواو کرد و لە ١٩١٨ گەڕایەوە ئێران. لە هاوکارانی چالاکی ئەکادیمیا بوو و لە زانستگاکانی کابول، دێلهی، کەلکەتە، قاهیرە و بەیرووت وانەبێژ بووە. لە بوارگەلی ئەدەب، مێژوو، وشە و زمان، پێڕست، ساغکردنەوەی نوسخەی دەستنووس، مێژووی ئەدەب و وەرگێڕاندا دەیان کتێبی چاپ کراوە. وتارە چاپکراوەکانی لە پەخش و بڵاڤۆکەکانی ئێران و دەرەوەدا، ساڵی ٢٠١٩ لە ٣ بەرگدا گردەوکۆ کران و سەرلەنوێ چاپ کرانەوە. دەیان بەرهەمی چاپ نەکراوی لە دوا بەجێ ماوە.

[١٤]. به ناوونیشانی: دکتر سعیدخان کردستانی، سعید نفیسی، مجله سپید و سیاه، شماره ١٢، سال ١٣٣٤/ ١٩٥٥.

«سپید و سیاه» گۆڤارێکی حەوتانەی فارسی بوو، لە مابەینی ساڵانی ١٣٣٢ تا ١٣٥٨ (١٩٥٣-١٩٧٩) بە ماوەی ٢٦ ساڵ بەردەوام لە تاران دەردەچوو.

سەرچاوەکان:

١. ادموندز، سیسیل جی (١٣٦٧)، «کردها ترکها عربها»، ترجمه: ابراهیم یونسی، انتشارات روزبهان، تهران، چاپ اول.
وەرگێڕانێکە لە کتێبی:
Kurds Turks and Arabs
Politics, Travel and Pesearch in North – Eastern Iraq 1919 -1925

٢. ایازی، برهان (١٣٧١)، «آئینه سنندج»، ناشر: مؤلف، سنندج، چاپ اول.

٣. بورل، آر. ام (١٣٩٢)، «همەگیری وبا در ایران (١٩٠٤م): برخی از ابعاد جامعه قاجاری»، ترجمه: فریده فرزی و زهرا نظرزاده، خردنامه، شماره ١١.
وەرگێڕانێکە لە وتاری:
The 1904 epidemic of cholera in ersia: some Aspects of Qajar society. R. M. Burrell

٤. حیرت سجادی، سید عبدالحمید (١٣٩٢)، «نامداران علم، فرهنگ و هنر کردستان»، پژوهشگاه سازمان میراث فرهنگی و گردشگری، تهران، چاپ اول.

٥. رسولی، ج؛ آلن، کیدی (١٩٨٢)، «طبیب محبوب — شرح زندگی دکتر سعیدخان کردستانی»، انجمن بین المللی مسیحیان ایرانی، بی جا.
وەرگێڕانێکە لە کتێبی:
Jay M. Rasooli and Cady H. Allen
The Life story of Dr. Sa'eed of Iran
Kurdish Physician to Princes and Peasants, Nobles and Nomads
Second Edition, GIR, August, 1958

٦. رشتیانی، گودرز (١٣٩٩)، «چند نامه از ناموران فرهنگی و ادبی کرد به ولادیمیر مینورسکی»، گۆڤاری کەشکۆڵ، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٤.

٧. روحانی، بابا مردوخ (شیوا) (١٣٨٢)، «تاریخ مشاهیر کرد -عرفا، علما، ادبا، شعرا»، جلد دوم، سروش، تهران، چاپ دوم.

٨. سلیمانی، کریم (١٣٧٩)، «القاب رجال دوره قاجاریه»، نشر نی، تهران، چاپ اول.

٩. صدر، محسن«صدرالاشراف» (١٣٦٤)، «خاطرات صدرالاشراف»، انتشارات وحید، تهران، چاپ اول.

١٠. کردستانی، دکتر سعیدخان (١٣٠٩)، «کتاب نزانی (مزگانی)»، نور جهان، طهران، چاپ نخست.

١١. مردوخ کردستانی، شیخ محمد (؟)، «تاریخ کرد و کردستان و توابع»، غریقی، سنندج، چاپ سوم.

١٢. مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٦١)، «دیوانی مەولەوی»، ئەلنەجاح، چاپی یەکەم.

سەرنج:

لە ژمارەی ڕابوردوودا لە لاپەڕە (١١٨) لە بەشی یەکەمی بابەتی (د. سەعیدخانی کوردستانی و ژیانێکی ژوورتر لە تەمەن)، نووسەر ساڵی هەتاوی (١٣١١)ی بەرانبەر بە ساڵی (١٩٣٣ز) نووسیوە، بە هەڵە بووەتە (١٩٣٢ز).. لەگەڵ ڕێزماندا.

(ڕامان)